هەرش بۆ سەر عودەیدە... قەتەر بەدەنگی خۆی دژکۆنەت و هەشداری دەدات لە پشێلکردنی سەروەری وڵاتەکەی



محەمەد بن عەبدولڵەحمان ئال سانی سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی قەتەر رایگەیاند، وڵاتەکەی پشوازی لەرگەی دیپلۆماسی دەکات بۆ زاڵبون بەسەر ئاستەنگەکانی ناوچەکە و دەشێت، "هەرشەکەی ئێرانیش بەسەر بنکەی ئاسمانی عودەیدە بۆ قبوڵنەکراوە".

محەمەد بن عەبدولڵەحمان ئال سانی لەو میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ نەواف سەلام سەرۆك وەزیرانی لوبنان لە دەوحە ڕایگەیاند، "هەرشەکەی ئێران بۆ سەر قەتەر لەفتارێکی قبوڵنەکراوە، بەرگری ئاسمانی قەتەریش توانیان هەمو موشەکەکان بخەنە خوارەوە، جگە لە موشەکێك کە لە ناوچەیەکی کراوەدا کەوتە خوارەوە".
ئاماژەی بەوەشکرد، "هێزە چەکدارەکانی قەتەر کاری قارەمانانەیان ئەنجامدا لە بەرپەرچدانەوەی هەرشەکانی سەر وڵات، هەروەها توانای خۆیان نیشاندا بۆ پاراستنی هاوڵاتیان و دانیشتوان و بەرگریکردن لە سەروەری نیشتمانی".
ئەوەشیخستەڕو، "دڵنیاد تەرەمپ سەرکی ئەمریکا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ تەمیم بن حەمەد ئال سانی ئەمیری قەتەر ئەنجامداوە و هاوسۆزی خۆی دەربڕی دوای هەرشەکەی سەر

بنکەی ئاسمانی عودەیدە".

دەشڵێت، "وڵاتەکەی بە توندترین شێوە سەرکۆنەی کردنە ئامانجی بنکەی ئاسمانی عودەیدە لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە دەکات، ئەوەی ڕوویدا پێشێلکارییەکی جددی سەروەری قەتەرە".

ڕونیشیکردەوە، "ئێوارەی ئەمڕۆ وڵاتەکەی میوانداری کۆبونەوەیەکی بەپەلەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەندا و دەکات بۆ تاوتوێکردنی پێشهاتەکانی دوێنێکە و هەماهەنگی هاوبەش".

سەبارەت بە کاروباری ناوچەکە، محەمەد بن عەبدوللەحمان ئال سانی دوپات لە سەرکۆنەکردنی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لەلایەن قەتەرەوە دوپاتکردەوە، پاڵپشتی وڵاتەکەی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان سوریا و وڵاتانی ناوچەکە دەربڕی و هیوای بە باشتربونی پەیوەندییەکانی داهاتوی نێوان سوریا و لوبنان دەربڕی.